# سێمینارێک بەهەردوو زمانی ئینگلیزی و کوردیی لەسەر

Preserving the Kurdish Identity: The case for a standard Kurdish *lingua franca*

پاراستنی ئایدێنتیتی کورد: نموونەیەک بۆ لینگوا فرانکای کوردیی ستاندەرد.

لەپاڵتۆکدا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەش دەکرێ. رۆژی شەممە( ١٥-١٢-٢٠٠٧ ) ، کاتژمێر 9 ( نۆ ) ی شەو بەکاتی نێوەندی ئەوروپا، لە ژووری کوردستانی ئازاد و سەربەست .... سێمینارێک بۆ هەریەک لە Janet Brady ( ئوسترالیی ) و کامیار سابیر ( ناسراو بە خەتاب سابیر ) لەسەر ئەو بابەتەی سەرەوە بەڕێوە دەچێ.

باسەکە لەسەر گرنگیی سەپاندنی زمانی ستاندەرد لە ناو جڤاکی کوردییدا ( کوردستانی باشوور ) دەکۆڵێتەوە. دەست دەخاتە سەر سامناکیی گەرەلاوژەی دایەلێکتەکان و گرنگیی خوێندن و نووسین بەیەک زمانی ستاندەرد و فۆرماڵ، لە جیۆگرافیایەکی دیارییکراودا کە بە دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان ناسراوە. هاوکات رەنگدانەوەی ئەم لینگوا فرانکا ستاندەردە لەسەر پارچەکانی تری کوردستان بەگشتیی و کوردستانی رۆژهەلاَت بەتایبەتیی، شرۆڤە دەکات. لەهەمان کاتیشدا وەڵام بە تەنگەچیکڵدانەیی هەندێ دایەلێکتپەرست و ناوچەگەر و کەسانی نەشارەزا دەداتەوە، کە بەبێ هیچ ئارگیومێنت و لۆژیکێکی زانستییانە کەوتوونەتە وێزەی زمانی ستاندەردی کوردیی ( سۆرانیی یان کرمانجی خواروو) و لە داخیشدا یەخەی ئەم سیاسیی و ئەو میدیای کوردیی دەگرن. بەشێکی سەرەکیی باسەکە بۆ پاراستن و دەستپێوەگرتنی ئایدێنتیتی کوردییە لە رێی لینگوا فرانکایەکی ستاندەردەوە.

هاتن بۆ هەموو لایەکە، هەوڵیش دەدرێ باسەکە لەچوارچێوەی ئارگیومێنتدا بمێنێتەوەو رێگە بەکەس نادرێ سووکایەتی بەم دایەلێکت و بەو ناوچە بکات. رەخنەکانیش لەچوارچێوەی باسەکەدا قەتیس دەکرێ.

ئەو تەوەرانەی باسەکە دەیگرێتەوە:

- زمان و ئایدێنتیتی: خوشک و برای یەکتر
- سەپاندنی لینگوا فرانکا، بەزەیی و بێنەو بەردەی تێدا نییە
- بەرکەرنار خستنی دایەلێکتەکان و زاڵکردنی یەکزمانی چوونیەک و ستاندەرد
- دایەلێکتۆلۆجی ( dialectology ) و ستاندەرایزکردنی لینگوا فرانکا
- دەسەڵاتی سیاسیی کورد لە نێوان سەپاندنی لینگوا فرانکای کوردیی لەلایەک و بەرەڵایی و تەراتێنی دایەلێکتەکان لەلایەکی ترەوە، تەنها خۆساغکردنەوەی بۆ ماوەتەوە.
- بۆچیی کرمانجی خواروو و ناوەڕاست ( سۆرانیی) زمانی ستاندەردی کوردستانی باشوورە؟

- گرنگیی خوێندن و نووسین لە دامودەزگا دەوڵەتیی و گشتییەکاندا بە زمانێکی ستاندەرد و تۆکمە.
- بەکارهێنانی تەواوی دایەلێکتەکانی تری کوردیی بۆ مکۆمکردن و پانوپۆڕکردنی لینگوا فرانکای کوردیی.

پرۆفایلی هەردوو کەسەکە ( بەکورتیی)

Janet Brady خوێندکاری PHD یە ( Doctorate Candidate ) لە بەشی زمانەوانیی ( Department of Linguistic ) لە زانکۆی ( Macquarie ) ، شاری سیدنی – ئوستراليا. بەڕەچەڵەک، ئینگلیزە.... هاووڵاتیی ئوسترالیایە.

کامیار سابیر خوێندکاری ( Higher Degree Research )ە، لە ( Division of Society, Culture, Media and Philosophy ) بەشی ئەنسرۆپۆلۆجی ( Department of Anthropology) لە هەمان زانکۆ.

سێمینارەکە بە پێی کاتی ئوستراليا، دەکاتە کاتژمێر 7 ی بەیانیی، ڕۆژی یەکشەمە ( 16-12-2007 ) . بەشی ئینگلیزییەکە ، زۆرتر جەخت لەسەر پاراستنی ئایدێنتیی کوردیی دەکاتەوە و لەلایەن خاتوو Janet Brady ەوە پێشکەش دەکرێ . هەروەها لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێکەوە بۆ کوردیی وەردەگێڕدرێ.

بۆ پێوەندیی و زانیاریی زۆرتر... دەتوانن پێوەندیی بەم ئیمەیڵ و ژمارانەوە بکەن.
Faisal-aziz@hotmail.com
0061405281516
0061397536757
فەیسەڵ عەزیز